گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper10

ڕێــكـەوتــی وەرگــرتـن: ٢٠٢٣/٠٧/٠٣
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٩/٠١
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٤/٢٩

# ڕۆڵی ڤیدیۆکانی یوتیوب لەسەر دروستکردنی ڕەفتاری توندوتیژی منداڵان لە ڕوانگەی دایکانەوە

**شاناز محمد صادق**
shanaz987@uor.edu.krd

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**: هاتنەناوەوەی تەکنەلۆجیای مۆدێرن لەکۆمەڵەی ئێمەدا بەتایبەتی دەرکەوتنی ئینتەرنێت بە ماڵپەرە جۆراوجۆرەکانی، کە گەڕانی ئاسانە، یەکێک لە گرنگترین و بەناوبانگترین سایتەکان یوتیوبە، لەدروستکردنی نەوەیەکی تازەی منداڵدا کە ئالودەبون بەبەکارهێنانی یوتوبیشەوە، بوەتە مەترسییەکی ڕاستەقینە لە ڕۆشنایی بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەر لەلایەن منداڵان، لەگەڵ ئەوەشدا زەحمەتی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی ڕێگریکردن لە ئاشکرابونی منداڵان بۆ ئینتەرنێت بە گشتی و بۆ ڤیدیۆکانی یوتوب بەتایبەتی، زۆرێک لەمنداڵان لەقۆناغی پەرەسەندنی نەخۆشی دەرونی و دەماریدان لەئەنجامی ئەو ناوەڕۆکەی کە لە ڕێگەی ڤیدیۆوە بۆیان پێشکەش کراوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی ڤیدیۆکانی یوتیوب لەسەر ڕەفتاری شەڕەنگێزی منداڵان لە تەمەنی (٢-٦) بۆ ئەمەش توێژەر پشتی بە میتۆدی ڕوپێوی بەستوە لە ڕێگای فۆرمی ڕاپێویەوە و (٢٠٠) فۆرمی بەسەر دایکان لە سنوری شاری ڕانیە دابەشکردوە کە (١٠٠) منداڵی نێر و (١٠٠) مێ بە نمونە وەرگیران.

دواتر لە ئامانجەکاندا دەرکەوت کە منداڵان زۆرترین کات بەکارهێنەری یوتیوبن بە ڕێژەیەکی بەرز و دەرکەوت دایکان چاودێری منداڵەکانیان ناکەن لە کاتی تەماشاکردنی یوتیوب و ڕادەی ڕەفتاری شەڕانگێزی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز دەرکەوت کە لەلایەن ڕەگەزی نێر زیاترە وەک لە ڕەگەزی مێ.

**کلیلە وشە:** یوتیوب، منداڵ، ڕەفتاری توندوتیژی

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

**١.کێشـــەی توێژینەوە:** پێشـــکەوتنی هەمو بوارەکانی تەکنەلۆژیا وایکردوە هەمو تەمەنەکان بکەونە ژێر کاریگەریەوە یەکێک لەو پلاتفۆرمانەش تۆڕی ڤیدیۆیی یوتیوبە، منداڵیش کەوتونەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە بۆیە کێشـەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی ئەو ڤیدیۆیانەی یوتیوب لەسـەر ڕەفتاری توندوتیژی منداڵان چونکە چاودێری منداڵان لە ئەستۆی دایکانە و ڕانەهاتوی دایکان بە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیایی ئەگەری بەرپرســـیاریەتی دایکانی زیادکردوە، ئەم توێژینەوەیە بە دوای ئەو پرســـیارانەدا دەگەڕێت کە وەڵامێکی ڕون بەردەست نییە بەتایبەتی لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە.

**٢.گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر هەمو ئەو دەرهاویشتانەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڤیدیۆکانی یوتیوب لەســـەر ڕەفتاری منداڵ و تا چەند ئەو ڤیدیۆیانە کاریگەری جێهێشـــتوە لەســـەر منداڵەکە بەتایبەت لە تەمەنی نێوان (دو-شـــەش) ســـاڵ، دایکان زۆرتر هەســـت بەو کاریگەریانە دەکەن کە کەوتۆتە سەر منداڵەکانیان.

**٣.ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١. دەستنیشانکردنی ڕادەی چاودێری دایکان بۆ منداڵەکان لە کاتی تەماشاکردنی یوتیوب.

٢. دەستنیشانکردنی ڕادەی شەڕخوازی لەلایەن منداڵەکانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

٣. دەستنیشانکردنی گۆڕانکاری ڕەفتاری ڕق و کینە لە منداڵەکان.

٤. دەستنیشـانکردنی ڕادەی ئەو توندوتیژی جەستەییەی منداڵەکان کە بەرامبەر بە منداڵەکانی دیکە دەیکات کە لە دیمەنی ڤیدیۆکانی یوتیوب بینویەتی.

٥. دیاریکردنی ڕێژەی ئەو ئامرازانەی منداڵەکان بەکاریدەهێنن بۆ تەماشاکردنی یوتیوب.

٦.دیاریکردنی جۆری ئەو ڤیدیۆیانەی منداڵەکان تەماشای دەکەن.

**٤.جۆرو میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەســـفی، ڕوپێوییە، چونکە میتۆدی ڕوپێویی لە دیارترین توێژینەوە وەسـفییەکانە و زۆرترین داتا و زانیارییەکان لەبارەی توێژینەوە دەخاتەڕو سـەبارەت بە ڕای دایکان و میتۆدی ڕوپێوی بۆ لێکۆڵینەوەیەک لە دیاردەیەک لە دەیاردەکانی کۆمەڵگا و بەمەبەســتی پێشـــکەشـــکردنی زانیارییەکان و دۆزینەوەی گونجاوترین چارەســـەرەکان، (الناصـــر،٢٠١٧، ١٤٣) لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر ڕای دایکان کردوە.

**٥. پێوەری ڕاستگۆیی:** پێوەری ڕاستی ئاسانترین جۆری ڕاستییەکانە، توێژەر لە برگەی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرســـییەکە پێشـــانی چەند شـــارەزا و پســـپۆڕێک دەدات، ئەوان بڕیاردەدەن تا چ ڕادەیەک بڕگەکان پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە و گونجاوە. (الخطیب ٢٠٠٩، ٢٦٧)، بۆ ئەم مەبەســـتە توێژەر بۆ دەرهێنانی

پێوەری ڕاستی پشتی بە (٤) پسپۆر و شارەزا لە بوارەكانی (ڕاگەیاندن، دەرونزانی) بەستوە دوای هەڵسەنگاندنی شارەزایان دەركەوت ڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (89.58%) بڕوانە پاشكۆی ژمارە (١)

٦. **پێوەری جێگیری**: جێگیری واتە وردی و چۆنیەتی پێوانەی بڕگەكانی فۆڕمەكە، توێژەر بۆ جێگیری بڕگەی فۆڕمەكەی بە ڕێگای بەكارهێنانی تەكنیكی ئاماری (Alpha Cronbachs) بەكارهێنا، دەركەوت ڕێژەی جێگیری پێوەرەكە بریتیبو لە (0.851) كە ئەمەش جێگیریەكی بەرزە بڕوانە پاشكۆی ژمارە(2).

٧. **ئامرازی كۆكردنەوەی داتا و زانیاری**: گرنگترین ئەو كەرەستانەی لەم توێژینەوەیەدا بەكارهێنراوە بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی.

8. **سنوری توێژینەوەكە**: سنوری توێژینەوەكە بریتییە لە دایكانی شاری ڕانیە لە ڕێكەوتی ٨-٩-٢٠٢٢ تا وەكو ٢٠-٩-٢-٢٢ ، توێژەر شاری ڕانیەی وەكو سنوری توێژینەوەكەی وەرگرتوە بەو پێیەی لەم شارە كەمترین شوێنی یاری تایبەت بە منداڵان هەیە، توێژەر ئەو ڕێكەوتەی هەڵبژاردوە چونكە لەو ڕێكەوتەوە كاتی سەرەتایی دەستپێكردنی ساڵی نوێی خوێندن بو.

9. **كۆمەڵگای توێژینەوەكە**: كۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دایكی منداڵەكان لە سنوری شاری ڕانیە.

10. **سامپڵی توێژینەوەكە**: جۆری سامپڵەكە سامپڵی هەڕەمەكی چینایەتی بەكارهاتوە بۆ دیاریكردنی دایكی منداڵەكان (٢٠٠) دایك وەرگیراوە. (١٠٠) دایك لە منداڵی نێر و (١٠٠) دایك لە منداڵی مێ وەرگیراوە.

١١. **ئامرازە ئامارییە بەكارهاتوەكان**: سەرجەم ئامارییەكانی ئەم توێژینەوەیە بە پرۆگرامی (SPSS) ئەنجام دراون و تێدا ئەم تەكنیكیە ئامارییانە بەكارهاتون، ( Frequency ,percentage, Mean ,Std.Deiviation, ,Alpha Cronbachs ,Indepent- Sample T-Test)

## 12. توێژینەوەكانی پێشو:

١:١٣. توێژینەوەی (Burcu Izci,Ithel Jones, Tuğba2019,) بە ناونیشانی ( YOUTUBE & YOUNG CHILDREN: RESEARCH,CONCERNS AND NEW DIRECTIONS) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەركەوتنی میدیای دیجیتاڵ (تابلێتەكان، مۆبایلە زیرەكەكان، و كاریگەریان لەسەر ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە ٨ ساڵ كەمترە لەم توێژینەوەیە بە شێوەی تیۆریی هەمو ئەو كاریگەریانەی خستۆتەڕو، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەركەوتوە كە منداڵان، چێژ لە سەیركردنی ڤیدیۆكان لەسەر پلاتفۆرمی منداڵانی یوتوب یان یوتوب وەرگرن و شارەزایی و نیگەرانی دایك و باوك دەربارەی بەكارهێنانی میدیای دیجیتاڵی منداڵان و كەلێنەكانی خستۆتەڕو.(Burcu Izci 2019)

٢:١٣. توێژینەوەی (كافي ڕانية و غيالني لينة،٢٠١٨) بە ناونیشانی (استخدام أطفال ما قبل سن التمدرس ( 3 –5) سنوات لموقع اليوتيوب والإشباعات المحققة منه) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئەو

ڕادەیەی کە منداڵ کاریگەری لەسـەر یوتوب هەیە و دەرخستنی هاندەرەکان بۆ بەکارهێنانی منداڵانی یوتوب و گرنگترین ئەو دڵخۆشییەی کە ئەمە بۆیان دەهێنێت، سامپڵی توێژینەوەکە بریتیبوە لە (٥٠) لە دایک و باوکانی منداڵانی تەمەن(٣-٥) ساڵ، ئەم توێژینەوەیە لە ئەنجامدا دەریخستوە کە منداڵانی پێش قوتابخانە یوتوب بەکاردێنن بۆ ڕازیکردنی هاندانەکانیان. و پێداویستییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانیان و پێویستییەکانی گەشەی دەرونییان لە بەدەستهێنانی لێهاتویی زمان و تێرکردنی گەڕان و دۆزینەوەیان. (کافي رانیة ٢٠١٨)

## بەشی دووەم:لایەنی تیۆری توێژینەوە

### ١.دیاری کردنی چەمکەکان:

**١.١یوتیوب:** یەکێکە لە گرنگترین تۆڕە ئەلیکترۆنییە بەناوبانگەکان لە هەمو جیهان (www.youtube.com)، بەشداربو لەم تۆڕە دەتوانێت ڤیدیۆ داونلۆد و ئەپلۆد بکات، بەبێ هیچ تێچونێکی ماددی، خزمەتگوزاری ڤیدیۆیی لە بوارە جیاوازەکانەوە پێشکەش دەکات بە گەورەترین تۆڕ دادەنرێت لە سەرتانسەری جیهاندا. (دیس،٢٠١٨، ٦٥)

**٢.١منداڵ:** وەکو لە (مادەی یەکەم)ی جاڕنامەی مافەکانی منداڵاندا هاتوە. وەکو پێوەر و ستاندەرێکی جیهانی بەم جۆرە پێناسەی منداڵ دەکات : منداڵ ــ کچ و کوڕ ــ ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێنەپەڕیبێت. (فهمی،٢٠٠٧، ٢١)

**٣١.ڕەفتاری توندوتیژی:** ڕەفتارێکی خۆویستە بە مەبەستی ئازارگەیاندنی کەسانی دەوروبەر یاخود ئەنجام دەدرێت، کە دەکرێت شێوەی جوڵەیی یان بێژەیی یان هێمایی بێت. (بهادین ٢٠٢٠، ١٠)

### ٢.چەمک و پێناسەی یوتیوب:

یوتیوب بریتییە لەپێگەیەکی ڤیدیۆیی، کە دیزاین کراوە تاوەکو بەکارهێنەران بتوانن ڤیدیۆکانیان ئەپلۆد بکەن تێدا، ملیۆنەها بەکارهێنەر لە یوتیوب خاوەنی ئەکاونتی خۆیانن، بەکارهێنەر دەتوانێت لە هەر کات و ساتێکدا بینەری ئەم ڤیدیۆیانە بێت. (صبیحة ٢٠١٨، ١٠٩)

بریتییە لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی لە ڕێگای ئامێرێکی زیرەک و بونی تۆڕی ئینتەرنێت بەکارهێنەر بگات پێی، تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی پارچە ڤیدیۆیی، کە لە هەمو جیهاندا بەکارهێنەر دەتوانێت تەماشایان بکات، لە هەمو تەمەنێک و بێ هەبونی فلتەر یوتیوب هەمو سنورە جوگرافییەکانی تێپەڕاند بوە هۆی بەرپابونی شۆڕشێکی گەورە لە جیهانی سۆشیاڵ میدیادا. لە ساڵی (٢٠٠٦) گۆڤاری تایمزی ئەمریکی نازناوی (کەسایەتی ساڵ)ی بەخشییە یوتیوب (ر. أمین ٢٠١٥، ١٣٢)، لە ساڵی(٢٠٠٧) یوتیوب خزمەتگوزاری (video Identification youtube) ڕاگەیاند کە بۆ مافی خاوەنداریەتی ئەو کەسانەی ڤیدیۆکانیان بڵاودەکەنەوە.

## ٣.سەرهەڵدان و گەشەی یوتیوب:

له ساڵی (٢٠٠٥) لەسەر دەستی (تشاد هیرلی)، (ستیف تشین)، (جاد کریم) ئەم تۆڕەیان دامەزراند، بیرۆکەی دروستبونی یوتیوب دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی لە شاری سان بۆرنۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا کۆمەڵێک هاوڕێ ئاهەنگێکیان سازدا و پارچە ڤیدیۆیەکیان تۆمار کرد دواتر ویستیان ئەو پارچە ڤیدیۆیە لە ڕێگای ئیمێڵەوە بنێرن بۆ یەکتر، بەڵام لەبەر گەورەی قەبارەی ڤیدیۆکە نەتوانرا بنێردرێت لە ڕێگای ئیمێڵەوە، لێرەوە بیرۆکەی ئەوە دروست بو، کە یوتیوب دروست بکرێت لەلایەن ئەو سێ کەسەوە، لەسەر شێوەی (youtube.com) (صبیحة ٢٠١٨، ١٠٩)

بەکارهێنەران توانیان ببنە خاوەن ئەکاونتی خۆیان بۆ پەخشکردنی پارچە ڤیدیۆیەکانیان. ئەمانە فەرمانبەری پێشوی کۆمپانیای (پای باڵ) ئەمریکی بون، ماوەیەکی زۆر کاریان دەکرد بۆ دیزاین و شێوە و کارکردنی تۆڕەکە، پاش شەش مانگ بە شێوەی فەرمی تۆڕەکەیان کارا کرد، یەکەم پارچە ڤیدیۆیی لە تۆڕی یوتیوب لەلایەن (جاد کریم) بو بە ناوی (me at the zoo) لە شاری سان دیگۆ ڕێکەوتی ٢٤ی ئابی ٢٠٠٥. (Slawsky 2104, 14) سەرەتا تۆڕەکە بە شێوەی سادەو ساکار هاتە بەردەست بەڵام وردەوردە تایبەتمەندییەکانی ڕو لەزیادبون بون، بە ناوبانگترین تۆڕی ڤیدیۆیی دادەنرێت بە شێوەی فری (بێ بەرامبەر) بەکارهێنەر دەتوانێت لە ڕێگای هەبونی تۆڕی ئینتەرنێت و ئامێریکی زیرەکەوە بگات بەم تۆڕە، یوتیوب بە نەوەی دوەمی (جیل الثانی) لە وێب دادەنرێت، بەوەی کە تۆڕێکی بەربڵاوە دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا بەکارهێنەر بۆ هەر بابەتێک بە شێوەی دەنگ و وێنە سودی لێوەربگرێت، کراش (kavas) وای دەبینێت کە یوتیوب زۆرترین ڤیدیۆ بڵاودەکاتەوە، کە بەکارهێنەران دەتوانن لە ڕێگایەوە ڤیدیۆکانیان دابەزێنن لەم تۆڕەو ڤیدیۆیی بەکارهێنەرانی تری ئەم تۆڕەش ببینن و داونلۆدی بکەن. هەندێک لە پسپۆڕانی بواری (Social Media) پێیان وایە (YouTube) تەنها پلاتفۆڕمێکی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیە و ناچێتە خانەی (Social Media) چونکە کارلێک یان گفتوگۆی ڕاستەخۆ لەنێوان بەکارهێنەر و نێرەر دروست ناکات، بەڵام بەشێکی تریان پێیان وایە (YouTube) لە چوارچێوەی سۆشیاڵ میدیا دادەنرێت، چونکە هەبونی تایبەتمەندی وەک دروستکردنی کەناڵی تایبەت، هەمو بەکارهێنەرێک هاوشێوەی فۆڕمەکانی تری سۆشیاڵ میدیا دەتوانێ لاپەڕە و کەناڵی تایبەتی خۆی هەبێت و ڤیدیۆ و بابەتەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە.

دواتر بونی ناوەڕۆک، کە ناوەڕۆکێک هەیە لەناوەڕۆکی ڤیدیۆیی پێشکەش دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە و لەلایەن بەکارهێنەرەکانیتر دەبینرێت، دواتر هاوبەشی پێکردن (Share) لایک (like) نوسینی کۆمێنت (Comment) هەر بەکارهێنەرێک دەتوانێ کۆمێنت بۆ هەر ڤیدیۆیەک و بڵاوکراوەیەک بنوسێ کە دەیبینێ و دواتر هاوبەشی پێبکا بۆ کەناڵەکەی خۆی یان هەر شوێنێک کە بیەوێت. هەروەها (Follow) و (Subscribe) کردنی کەناڵە جیاوازەکانی (YouTube). پسپۆڕان پێیان وایە ئەمانە سیفەتی میدیای کۆمەڵایەتیی بە (YouTube) دەبەخشن. (staff,2017)

### ٤.یوتیوب و بەکارهێنانی لەلایەن منداڵانەوە:

بەو پێیەی یوتیوب تۆرێکە بە ئاسانی بەکارهێنەر دەتوانێت بگات پێی، منداڵانیش بە هەمان شێوە بێبەش نین لە بەکارهێنانی، لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا ئەوەی تێبینی دەکرێت بەکارهێنانی ئەم تۆڕە لەلایەن منداڵانەوە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو خواستی لەسەرە ڕۆژ بە ڕۆژ بەکارهێنانی ڕو لە زیادبونە بە شێوەیەکی بەرچاو دەتوانرێت هەستی پێبکرێت.(beser,2022)

### ٥.ڕەفتاری توندوتیژی:

دەتوانرێت پێناسەی ڕەفتار بکەین بەوەی کە وەڵامدانەوەی جوڵەیی و هۆرمۆنییە، واتە وەڵامدانەوەیەکە لە ماسولکەکانی یان گلاندەکانی بونەوەرێکی زیندو لە جەستەی یان کرداری یان جولەی ماسولکەی یان هۆرمۆنی، یان هەمو ئەو کردارو چالاکیانەیە کە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت ئەگەر چی بینراو بێت یان نەبینراو هەمو ڕەفتارەکانیش دروست دەبێت لە ڕێگای تێکەڵبونی تاک لەگەڵ ژینگەکەی بە شێوەیەکی بەردەوام و گۆڕاو، سەرباری گەشەی تاک لە سەرجەم لایەنەکانەوە(الخطیب ٢٠٠٣، ١٥)

سەبارەت بە توندوتیژی دەتوانرێت بوترێت کە دیاردەو شێوازێکە لە شێوەکانی دوژمنکاری کە زۆرێک لە کۆمەڵگا جیاوازەکان دەگرێتەوە هەروەها ڕەفتارێکە بەهۆیەوە هێز بەکاردێت دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە لایەنی جەستەی و دەرونی کەسانی دیکە بە شێوەیەکی بەردەوام یان تەنها جارێک. (الزعبی ٢٠١٦، ٢٧) توندوتیژی بە یەکێک گرفتە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان دادەنرێت لە کۆنەوە لە سەرەتای دروستبونی مرۆڤ ڕەفتاری توندوتیژی ئەنجام داوە کە بەپێی پاشخانی تاک و گروپەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت (خالید ٢٠١٣، ١٦٣) باندۆرا پێی وایە ڕەفتار تەنها شت و هەڵوێستی بۆ ماوەیی نییە، بەڵکو لەژێر کاریگەری تێکەڵبونی چەندین هۆکاری بۆماوەیی، ژینگەیی، شڵەژانی کۆمەڵایەتی بنیاتنراوە، کاتێک چالاکییەکی ئامانجدار ناگاتە ئەنجام و بەربەست دروست دەبێت بەشێوەیەکی خۆبەخۆ ئەو چالاکییە دەبێتە توندوتیژیی و ململانێ کە زۆرجار وا دەردەکەوێت توندوتیژیی چارەسەری گونجاوە بەلای کەسە توندوتیژەکەوە تەنانەت بۆ کاتێکی کورتیش بێت بە تایبەت کە چارەسەری تر بەردەست نەبێت.

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە

لەم بەشەدا بەوردی شرۆڤەی داتاکان و ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی دەکەین، دوای دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر سامپڵەکانی توێژینەوە و وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان و ئەنجامدانی کرداری بەتاڵکردن بۆ زانیارییە بەدەستهاتوەکانی ناو فۆڕمەکە، لەخوارەوە زانیارییەکان لەشێوەی خشتە پۆلێن و ڕێکخراوە و ڕونکراونەتەوە، کە لە (٦) خشتە پێکهاتون، دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە وەک دەرهاویشتەی ئەو داتا و زانیارییانە خراوەتەڕو.

خشتەی (١) نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| ڕەگەز | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| نێر | ١٠٠ | ٪٥٠.٠ |
| مێ | ١٠٠ | ٪٥٠.٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

لە خشـــتەی ژمارە ١ ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە ڕون دەکاتەوە، ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (٥٠%) هاتوە بە دوبارەبونەوەی (١٠٠) و ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (٥٠%) بە دوبارەبونەوەی (١٠٠).

**خشتەی (٢) کاتژمێری بەکارهێنانی یوتیوب لەلایەن منداڵەکانەوە**

| کاتژمێری بەکارهێنان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١-٣ کات ژمێر | 82 | %41.0 |
| ٣-٥ کات ژمێر | 118 | %59.0 |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠% |

لەم خشتەیەی سەرەوە کە کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی یوتیوب لەلایەن نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە، زۆرینەی نـمونەی تـوێژینەوەکە (٣-٥ کـات ژمێر) یـوتـیوب بەکـاردەهـێنن، بە ڕێژەی59.0%) و بە دوبارەبونەوەی(١١٨) و بە ڕێژەی (41.0%) بە دوبارەبونەوەی(٨٢) (١-٣ کات ژمێر) منداڵەکان بەکارهێنەری یوتیوبن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە منداڵەکان کاتێکی زۆر یوتیوب بەکاردەهێنن و کاریگەرییان دەبێت لەسەر ڕەفتاری منداڵەکان.

1.سەبارەت بە ئامانجی یەکەم بریتیبو لە (دەستنیشانکردنی ڕادەی چاودێری دایکان بۆ منداڵەکانیان لەکاتی تەماشـــاکردنی یوتیوب) دایکان چاودێری منداڵەکانیان ناکەن لە کاتی تەماشـــاکردنی یوتیوب بە ڕێژەیەکی بەرز بە دوبارەبونەوەی (١١٣) بە ڕێژەی(56.5%) و بە دوبارەبونەوەی (٤٤) بە ڕێژەی(22.0%) چاودێری منداڵەکانیان دەکەن، بەدوبارەبونەوەی(٤٣) و بە ڕێژەی(21.5%) هەندێکجار چاودێری منداڵەکانیان ناکەن، و نـاوەنـدەژمێری (٢.٠٠) لادانی پێوانەیی(٠.٦٦١)،ئەمەش وا دەکـات منداڵەکـان لە کـاتی تەمـاشـــــاکـردنی ڤیدیۆکانی یوتیوب دایان چاودێریان ناکەن و بە ئاســـانی دەگەن بەو ڤیدیۆیانەی کە خۆیان مەبەســـتیانە، هەروەک لە خشتەی (٣) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٣) ڕادەی چاودێری دایکان بۆ منداڵەکانیان ڕون دەکاتەوە

| بەڵێ | | نەخێر | | هەندێک جار | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | | |
| ٤٤ | %22.0 | ١١٣ | %56.5 | ٤٣ | %21.5 | ٢.٠٠ | ٠.٦٦١ |
| کۆی گشتی | | ٢٠٠ | | | | | |

٢.سەبارەت بە ئامانجی دوەم بریتیبو لەدەستنیشان کردنی ڕادەی شەڕخوازی لەلایەن منداڵەکانەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز دەرکەوت کە ناوەندەژمیری مندالانی مێ بریتیبو لە (**٢.٨٢**)و ناوەندە ژمێری مندالانی نێر بریتی بو لە(**٢.٥٥**) دوای بەکارهێنانی هاوکیشەی (Independent samples Test) ئەنجامەکان دەریانخست کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان مندالانی نێر و مێ سەبارەت بە ڕادەی شەڕخوازی. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ڕادەی ڕەفتاری شەڕخوازی لە نێوان هەردو ڕەگەز جیاوازە بەو پێیەی ڕەگەزی مێ لە ڕەفتار نواندن لە ڕەگەزی نێر نەرم و نیانترە، بۆیە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت لە ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەکە، وەک لە خشتەی(٤) ڕون کراوەتەوە.

خشتەی(٤)جیاوازی ئاستی منداڵەکان سەبارەت بە ڕادەی شەڕخوازی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| گروپەکان | ژمارەی منداڵەکان | ناوەندە ژمێری | لادانی پیوەری | بەهای تی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٠٠ | ٢.٨٢ | ١.١٢٣ | ١.٩٦٢ | بەڵگەدارە لە ئاستی ٠.٠٥ |
| مێ | ١٠٠ | ٢.٥٥ | .٧٩٧ | | |

**٣**.سەبارەت بە ئامانجی سێیەم کە بریتی بو لە گۆڕانکاری ڕەفتاری ڕق و کینە لەلایەن منداڵەکانەوە لە ئاکامی تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی یوتیوبەوە دەرکەوت کە زۆربەی جار گۆڕانکاری لە ڕەفتاری ڕق و کینە لەلایەن منداڵەکانەوە بەدی کراوە بە دوبارەبونەوەی(٥٩) بە ڕێژەی(٢٩.٥) و بە دوبارەبونەوەی(٥٣) بە ڕێژەی(٢٦.٥) دایکان هەندێکجار تێبینی بونی ڕەفتاری ڕق و کینەیان لە منداڵەکانیان بەدی کردوە، و

بەدوبارەبونەوەی(٤٠) و بە ڕێژەی(٢٠.٠) دایکان بە دەگمەن تێبینی ڕەفتاری ڕق و کینەیان لە منداڵەکانیان کردوە و بە دوبارەبونەوەی(٢٩) و بە ڕێژەی(١٤.٥)هەمیشـــە منداڵەکانیان ڕەفتاری ڕق و کینەی تێدا بەدیکراوە و بە دوبارەبونەوەی(١٩) و ڕێژەی(٩.٥) دایکان هەرگیز تێبینی بونی ڕەفتاری ڕق و کینەیان لە منداڵەکانیان بەدی نەکردوە،وە ناوەندەژمێری(٢.٨٤) لادانی پێوانەیی(١.١٨٥).لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە ڤیدیۆکانی یوتیوب ڕۆڵی هەبوە لە گۆڕانکاری ڕەفتاری ڕق و کینە لەلایەن منداڵەکانەوە بە شـــێوەیەکی بەرچاو کاریگەری خستۆتە سەریان، کە دایکانیان تێبینیان کردوە لە منداڵەکانیان، هەروەک لە خشتەی (٥) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی(٥) گۆڕانکاری ڕەفتاری ڕق و کینە لەلایەن منداڵەکانەوە لە ئاکامی تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی یوتیوبەوە ڕون دەکاتەوە

| هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | بە دەگمەن | | هەرگیز | | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ٢.٨٤ | ١.١٨٥ |
| ٢٩ | ٪١٤.٥ | ٥٩ | ٢٩.٥٪ | ٥٣ | ٢٦.٥ % | ٤٠ | ٢٠.٠ % | ١٩ | ٩.٥٪ | | |
| کۆی گشتی | | | | ٢٠٠ | | | | | | | |

**4**.ســـــبارەت بە ئامانجی چوارەم بریتی بو لە توندو توندو تیژی جەســــتەیی منداڵەکان کە بەرامبەر بە منداڵانی دیکە دەیکەن وەکو قژ ڕاکێشان، قەپگرتن .. هتد وەکو کە لە ڤیدیۆکانی یوتیوب بینویەتی دەرکەوت کە زۆرجار منداڵەکان توندوتیژی جەســــتەیی بەرامبەر بە منداڵانی دیکە دەنوێنن بە ڕێژەی(29.0%) بە دوبـارەبونەوەی(58) کە ئەمەش ڕێژیەیەکی بەرزە، و بە ڕێژەی(27.0%) و دوبـارەبونەوەی(54) هەنـدێکجـار تونـدوتیژی جەســــتەیی بەدی کراوە بەرامبەر بە منـداڵانی تر، و بە ڕێژەی (21.5%) و دوبارەبونەوەی(43) بە دەگمەن بەدی کراوە، و بە دوبارەبونەوەی(١٤) و بە ڕێژەی (٢٨.٠٪) هەرگیز بەدی نەکراوە توندوتیژی منداڵەکان بەرامبەر منداڵەکانی تر، و توندوتیژی جەســــتەییان ئەنجام نەداوە منداڵەکان بەرامبەر بە منداڵانی تر بە ڕێژەی(8.5%) بە دوبارەبونەوەی(١٧) و هەمیشە ئەو توندوتیژیە بەدیکراوە، بە ناوەندە ژمێریی(3.9) لادانی پێوەری(١.١٨٥)، لێرەوە دەردەکەوێت کە ڕادەی توندو تیژی جەســــتەیی کە منداڵەکان بەرامبەر بە منداڵەکانی تر ئەنجامی دەدەن لە ئەنجامی وەکو ئەوەی لە ڤیدیۆکانی یوتیوبەوە بینویەتی ڕێژەیەکی بەرزە، ئەمەش وایکردوە ئەو ڤیدیۆیانە وا لە ڕەفتاری منداڵەکان بکەن، هەروەکو لە خشتەی (٦) ڕون کراوەتەوە.

خشتەی (٦)دەسنیشانکردنی ڕادەی توندو تیژی جەستەیی منداڵەکان بەرامبەر بە منداڵەکانی تر وەکو کە لە دیمەنەکانی ڤیدیۆکانی یوتیوب بینویەتی ڕون دەکاتەوە

| هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | بە دەگمەن | | هەرگیز | | ناوەندی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی ددی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | 3.9 | 1.280 |
| 17 | ٨.٠% | 58 | .٢٩ 0% | 54 | 27.0 % | 43 | ٢1.5 % | 14 | %28 .0 | | |
| کۆی گشتی | | | | ٢٠٠ | | | | | | | |

٥.سەبارەت بە ئامانجی پێنجەم بریتی بو ڕێژەی لە دەستنیشانکردنی ئامرازی بەکارهاتو لەلایەن منداڵەکانەوە دەرکەوت کە منداڵەکان بە پلەی یەکەم بە دوبارەبونەوەی(٩٦) و بە ڕێژەی (٤٨.٠٪) مۆبایل بەکاردەهێنن بۆ تەماشاکردنی یوتیوب و بە پلەی دوەم ئای پاد بەکاردەهێنن بە ڕێژەی(٤٧.٥٪) و دوبارەبونەوەی(٩٥) و بە دوبارەبونەوەی(٩) و ڕێژەی (٤.٥٪) لاپتۆپ بەکاردێنن، لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە منداڵەکان ڕێژەیەکی زۆریان خاوەن ئای پادی تایبەت بەخۆیانن و بە ئاسانی دەتوانن دەستیان بگاتە یوتیوب، بە ڕێژەیەکی کەم منداڵەکان لاپتۆپیان بەکارهێناوە بۆ گەشتن بە یوتیوب بەو پێەی لاپتۆپ بە بەراورد لەگەڵ دو ئامرازەکەی تر لە ڕوی قەبارەوە گەورەترە و بەکارهێنانیان قورسترە بە بەراورد لە دو ئامرازەکەی تر کە قەبارەیان بچوکترە بە بەراورد بە لاپتۆپ، هەروەکو لە خشتەی (٧) ڕونکراوەتەوە

خشتەی (٧) بەکارهێنانی جۆری ئامرازی بەکارهاتو لەلایەن منداڵەکانەوە ڕون دەکاتەوە

| ژمارە | ئامراز | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئای پاد | ٩٥ | ٪٤٧.٥ |
| ٢ | مۆبایل | ٩٦ | ٪٤٨.٠ |
| ٣ | لاپتۆپ | ٩ | ٪٤.٥ |
| کۆی گشتی | | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

٦.سەبارەت بە ئامانجی شەشەم بریتی بو لە دیاریکردنی جۆری ئەو ڤیدیۆیانەی منداڵەکان سەیری دەکەن دەرکەوت منداڵەکان زیاتر تەماشای ڤیدیۆی فلیمە کارتۆنییەکان دەکەن بە ڕێژەی (٦٣.٠٪) و بە دوبارەبونەوەی (١٢٦) و بە دوبارەبونەوەی (٧٤) بە ڕێژەی (٣٧.٠٪) تەماشای ڤیدیۆی مۆسیقا و گۆرانی

منداڵان دەکەن، لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە منداڵەکان زیاتر بینەری ڤیدیۆی فلیمە کارتۆنییەکانن، بە بەراورد بە ڤیدیۆی مۆسیقا و گۆرانی، ماوەی فلیمە کارتۆنییەکان زیاترە بە بەراورد بە ماوەی ڤیدیۆی مۆسیقاو گۆرانی کە ماوەی ڤیدیۆکان کورترن، منداڵەکان زیاتر بینەری هەندێک لەو دیمەنانەی ناو فلیم کارتۆنەکانن کە هەندێک جار دیمەنی توندوتیژی و ڕق وکینەیان تێدا هەیە کە ڕۆڵیان هەیە لەسەر ڕەفتاری توندو تیژی لە لای منداڵەکانەوە، هەروەکو لە خشتەی (٨) ڕونکراوەتەوە

خشتەی (٨) جۆری ئەو ڤیدیۆیانەی لەلایەن منداڵەکانەوە هیر دەرکرێت ڕون دەکاتەوە

| ژمارە | جۆری ڤیدیۆ | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | ڤیدیۆی فلیمە کارتۆنییەکان | ١٢٦ | ٪٦٣.٠ |
| ٢ | ڤیدیۆی مۆسیقا و گۆرانی منداڵان | ٧٤ | ٪٣٧.٠ |
| | کۆی گشتی | ٢٠٠ | ٪١٠٠ |

## شیکردنەوەی ئەنجامەکان

توێژەر لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشت بە چەند ئەنجامێک لەم خاڵانەدا ڕونکراوەتەوە:

١. بەپێی ئەنجامەکان چاودێری دایکان بۆ منداڵەکانیان لە کاتی تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی یوتیوب زۆر کەمە، توێژەر پێی وایە هەر ئەمەشە وای کردوە گۆڕانکاری بەدیدەکرێت لە ڕەفتاری توندوتیژی لەلایەن منداڵەکانەوە.

٢. بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان منداڵەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، کە ڕادەی شەڕخوازی لای هەردو ڕەگەزەکە وەکو یەک نییە. توێژەر بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە کە ڕفتاری شەڕخوازی کەمتر بەدیدەکرێت لە لای ڕەگەزی مێ وەکو لە ڕەگەزی نێر

٣. دەرکەوت کە گۆڕانکاری لە ڕەفتاری توندو تیژی ڕق و کینە بە ڕێژەیەکی زۆر بەدیدەکرێت لەلایەن منداڵەکانەوە،توێژەر بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە کە منداڵەکان کاتێکی زۆر بەسەر دەبەن لە تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی یوتیوبر.

٤. بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوت کە ڕادەی توندوتیژی جەستەیی منداڵەکان کە بەرامبەر بە منداڵانی تر ئەنجامی دەدەن وەک کە لە دیمەنەکانی یوتیوب بینویانە بە ڕادەیەکی زۆر بەدی دەکرێت لە منداڵەکان .

5. منداڵەکان بە ڕادەیەکی زۆر خاوەن ئای پادی خۆیانن کە ئەمەش وای کردوە کاتی زۆرتر بەسەر بەرن لە بەکارهێنانی ڤیدیۆکانی یوتیوب و کاریگەری ئەو ڤیدیۆیانەیان لەسەر هەبێ و لە ڕەفتاریان ڕەنگدانەوەی هەبێ.

٦.منداڵەکان زیاتر بینەری ڤیدیۆی فلیم کارتۆنییەکانن بە بەراورد بە ڤیدیۆی گۆرانی منداڵان، بەو پێیەی کاتی فلیم کارتۆنیەکان زیاترە لە ڤیدیۆی گۆرانییەکان و ئەمەش کارانەوەی ڕەفتاری توند و تیژی لای منداڵەکان زیاد دەکات لەو دیمەنانەی ناو فلیم کارتۆنییەکە.

## ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا چەند ڕاسپاردەو پیشنیازێک دەخاتەڕو:

١.دایکان چاودێری منداڵەکانیان بکەن لە کاتی تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی یوتیوب.

٢.تەرخانکردنی کاتی کەمتر بۆ تەماشاکردنی یوتیوب و دیاری کردنی کات بۆ منداڵەکانیان.

٣.دانانی چەند فلتەرێک بۆ تەماشاکردنی ڤیدیۆکان و نەتوانن بگەن بە هەمو ڤیدیۆکان ز دانانی پاس کۆد.

٤.دانانی ئەپی(yotube kids) بۆ منداڵەکان بۆ تەماشـــــاکردی ڤیدیۆکانی یوتیوب، کە تەنها تایبەتن بۆ منداڵان.

٥.لە کاتی دەســــتپێکردنی وەرزی ســــاڵی نوێی خوێندن منداڵەکان کاتی زۆر کەمتریان پێ بدرێت بۆ تەماشاکردنی یوتیوب.

٦.دابینکردنی شوێنی یاری و پارکی منداڵان بۆ دورکەوتنەوەی منداڵان لە بەکارهێنانی یوتیوب.

٧.کات بەســـــەربردنی دایکان و باوکان لەگەڵ منداڵەکانیان ئەمە وا دەکات منداڵەکان دور بکەونەوە لە یوتیوب.

# The role of YouTube videos on creating child violence behavior from the perspective of mothers

**Shanaz Mohamed Sadeq**

Kindergarten Department, College of Basic Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**: The entry of modern technology into our society, particularly the emergence of the Internet with various sites that are easy to search, is one of YouTube most important and popular sites, creating a new generation of children addicted to their use despite the large number of

YouTube has become a real danger in the light of excessive use by children, however, it is ifficult to control the prevention of children from being exposed to the Internet in general and to YouTube videos in particular, many children in the developing stage of the disease. Psychological and neurological as a result of the content presented to them via video. The aim of this research is the role of YouTube videos on children's belligerent behavior at the age of 2-6 for this 200 forms on mothers in the city border Rania was divided into 100 male and 100 female children, for example.

It was later revealed that children are most likely to be YouTube users at a high rate and that mothers don't monitor their children at the time you've seen YouTube and the degree of aggressive behavior that has changed according to gender, which is more likely to be male than female.

**key words**: YouTube, Children, Violence.

## سەرچاوەکان

بهادین، جوان بهادین (٢٠٢٠) *ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنەکانی منداڵان لە دروستکردنی توندوتیژی:* کۆلێژی زانستە مرۆڤایتیەکان، سلێمانی.

خالد، عبدالكريم خالد (٢٠١٣) کاریگەری دراما دۆبلاژکراوەکانی تەلەفزیۆنیەکان لەسەر ڕەفتاری منداڵ، هەولێر، دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ.

الخطيب، أحمد الخطيب. (٢٠٠٩). منهج البحث العلمي. قاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية للنشر والتوزيع.

رضا أمين. (٢٠١٥). الاعلام الجديد. مملكة البحرين: دار الفجر للنشر والتوزيع.

الزغبى، ملا قاسم(٢٠١٦) تأثير مشاهد العنف فى برامج الاطفال الرسوم متحركة على الاطفال في وجهة نظر اولياء، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة شرق الاوسط.

صبيحة، صاحبي صبيحة. (٢٠١٨). اتجاهات الشباب الجزائرى نحو مصادر الأخبار بين الإعلام. جزائر: رسالة ماجستير، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي.

عاطف، حطيبة عاطف. *نظريات و مناهج الاعلام*. قاهرة: دار النشر للجامعات، ٢٠١٧.

عائشة ديس. (٢٠١٨). دور يوتيوب في التنمية الوعي الثقافي لدى الطالبات الجامعات، رسالة ماجستير, جامعة الجيلالي بونعامة.

عائشة، السعيدي حنان وضيف(٢٠١٥) *.استخدام مواقع التواصل الاجتماعي وأثره على القيم لدى الطالب الجامعي موقع فيس بوك نموذجا* .جزائر :جامعة قاصدلي مرباح ورقلة رسالة ماجستير.

فيمى،خاليد مصطفى فهمى، (٢٠٠٧) حقوق الطفل وامعاملاته الجنائية في ضوء الاتفاقيات الدولية، دار الجامعة الجديدة.

كافى، رانية، غيالني لينة(٢٠١٨) *استخدام أطفال ما قبل سن التمدرس (5– 3)نوات لموقع اليوتيوب واإلشباعات المحققة منه،* جزائر.

Beresin ,Eugene V.,(2016), The Impact of Media Violence on Children and Adolescents:Opportunities forClinical Interventions , http://www.aacap.org/aacap/

Ferguson, Christopher J.( 2010), Blazing Angels orResident Evil? Can Violent Video Games Be a Force forGood? American Psychological Association,No. 2, (p 68 – 81),Texas A&M International University

Burcu Izci, Ithel Jones,Tuğba Bahçekapılı. "YOUTUBE & YOUNG CHILDREN: RESEARCH,." *bitstream*, 2019.

PRESS. (2020). accessed 5, 9, 2022, from youtube. https://www.youtube.com/intl/en-GB/about/press

STAFF. (23,2, 2017). accessed 10,9, 2022. from social media explorer https://socialmediaexplorer.com/content-sections/cases-and-causes/5-reasons-youtube-may-social-medias-greatest-success-story

# پاشكۆكان

پاشكۆی(١)

خشتەی پێوەری ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوە

| ژ | ناوی پسپۆران | ناوی زانكۆ | پسپۆری | بـــــــــــرگە دروستەكان | برگە نادروست ەكان | ڕێژەی سەدیی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.ئاراز أحمد ڕمضان | زانكۆی ڕاپەڕین | ڕاگەیاندن | 20 | 4 | %83.305 |
| ٢ | د.شوان ئادەم ئەیڤەس | پۆلیتەكنیكی سلێمانی | ڕاگەیاندن | 22 | 2 | %83.50 |
| ٣ | د.ظاهر محمد أمین صابر | پۆلیتەكنیكی هەولێر | ڕاگەیاندن | 22 | 2 | 85.80% |
| ٤ | هەلاَت عبالواحد أحمد | زانكۆی ڕاپەڕین | دەروندروستی | 22 | 2 | %80.21 |
| كۆ | كۆی گشتی | | | 86 | 10 | %89.58 |

ژمارەی تەواوی برگەكانی پێوەر96=     ژمارەی پسپۆڕان=٤

كۆی گشتی برگەكان = (ژمارەی برگەكانی پێوەرx ژمارەی پسپۆڕان)

ژمارەی برگە دروستەكان= ٨٦          ژمارەی برگە نادروستەكان =١٠

ڕاستی گشتی پێوەر= كۆی گشتی برگە دروستەكان÷ كۆی گشتی برگەكانی پێوەرx 100 =89.58%

پاشكۆی (٢)

| كۆی برگەكان | بەهای كرداری ئەلفا كرونباخ |
|---|---|
| ٢٤ | 0.851 |

بەهای گشتی ئەلفا كرونباخ بۆ دەست نیشانكردنی ڕادەی جێگیری پێوەرەكە بە كۆی (٢٤) برگە بریتییە لە (0.851)

## پاشکۆی(٣)

## فۆرمی ڕاپرسی

( ڕۆڵی ڤیدیۆکانی یوتیوب لە دروستکردنی ڕەفتاری توندوتیژی منداڵان لە ڕوانگەی دایکانەوە)

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

سڵاو..و ڕێز

ئەم فۆرمەی لەبەردەستی بەڕیزتانە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی (کاریگەری ڤیدیۆکانی یوتیوب لە دروســـــتکردنی ڕەفتاری توندوتیژی منداڵان لە ڕوانگەی دایکانەوە)توێژینەوەیەکی ڕوپێویە بۆ منداڵانی تەمەن (٢-٦ ســـــاڵ) . پڕکردنەوەی فۆرم و پێدانی زانیاری، هۆکارێکە بۆ ســـــەرکەوتنی ئەو توێژینەوەیەو گەیشتنە بە ئەنجامێکی زانستی دروست

توێژەر :شاناز محمد صادق ٢٠٢٢

١.رەگەزی منداڵ: ١. نێر( ) ٢. مێ( )

٢. منداڵەکەت ڕۆژانە چەن کاتژمێر تەماشای یوتیوب دەکات؟

١. (١-٣) کات ژمێر ( ) ٢. (٣-٥) کات ژمێر( )

٣.لە ڕێگای کام لەم ئامرازەوە زیاتر منداڵەکەت سەیری یوتیوب دەکات؟

١.ئای پاد( ) ٢.مۆبایل ( ) ٣.لاپتۆپ( )

٤.وەک دایکێک تا چەند پێت گونجاوە منداڵەکەت لەو تەمەنە سەیری ڤیدیۆکانی یوتیوب بکات؟

١.زۆر گونجاوە ( ) ٢.تا ڕادەیەک گونجاوە( ) ٣.گونجاو نییە( )

٥.منداڵەکەت زیاترسەیری کام جۆرە ڤیدیۆیەک دەکات لە یوتیوب؟

١.ڤیدیۆی فلیم کارتۆنەکان( ) ٢.ڤیدیۆی مۆسیقا و گۆرانی منداڵان ( )

٦.وەکو دایکێک چاودێری منداڵەکەت دەکەی لە کاتی تەماشاکردنی یوتیوب؟

١.بەڵێ ( ) ٢.نەخێر( ) ٣.هەندێجار( )

## کاریگەری ڤیدیۆکانی یوتیوب لەسەر ڕەفتاری توندو تیژی منداڵان

| ژ | بڕگە | هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | بە دەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | منداڵەکەم لاسایی ڕەفتاری شەڕانگێزی کارەکتەری نێو ڤیدیۆکانی یوتیوب دەکاتەوە. | | | | | |
| ٨ | منداڵەکەم هەندێک وشەی نەشیاو دەڵێت کە لە ڤیدیۆکانی یوتیوبەوە فێربوە. | | | | | |
| ٩ | منداڵەکەم حەز بە کرینی ئەو یاریانە دەکات کە لە ڤیدیۆکانەوە دەیبینێت وەکو تیر و کەوان و چەقۆ..هتد | | | | | |
| ١٠ | لە ئاکامی لاسایی کردنەوەی کارەکتەرەکانی یوتیوب منداڵەکەم کەلوپەلی ماڵ دەشکێنێت. | | | | | |
| ١١ | هەست دەکەم تاکو زیاتر تەماشای یوتیوب بکات زیاتر شەڕ خوازدەبێت | | | | | |
| ١٢ | شوێن و کەلوپەلی یاریکردنی منداڵی دیکە تێک دەدات . | | | | | |
| ١٣ | ئەو ڤیدیۆیانەی منداڵەکەم تەماشایان دەکات لەگەڵ کلتور و ژینگەی کوردستان گونجاو نین | | | | | |
| ١٤ | تەماشاکردنی ڤیدیۆکانی یوتیوب وای لە منداڵەکەم کردوە کە ڕق و کینە و گۆرانکاری لە ڕەفتاری منداڵەکەم بەدی بکەم | | | | | |
| ١٥ | منداڵەکەم ئەو جوڵانەی لە ڤیدیۆکانەوە دەبینێت ئەنجامی دەدات ئازار بەخۆی دەگەیەنێت(وەک خۆهەڵدان...هتد.) | | | | | |
| ١٦ | منداڵەکەم ئالودەی بەکارهێنانی یوتیوب بوە بێ بونی یوتیوب تورە دەبێت. | | | | | |
| ١٧ | منداڵەکەم بەدەنگی بەرز هاواردەکات بەتایبەتی دوای بینینی بابەتی توندوتیژی و ئەکشن لە ڤیدیۆکان. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | منداڵەکەم توشی ترس و تۆقین بوە بەهۆی دیمەنە ترسناکەکانی یوتیوبەوە. | | | | | |
| ١٩ | منداڵەکەم توندوتیژی جەستەیی بەرامبەر منداڵانی دیکە ئەنجام دەدات، وەک (قەپگرتن ، قژ ڕاکێشان ، شەق وەشاندن یان مستلێدان یان دەستخستنە قوڕگی منداڵی دیکە یان پەت بەملداکردن...هتد ) بەشێوازێک کە لە ڤیدیۆکانی یوتیوب بینیویەتی. | | | | | |
| ٢٠ | هەست دەکەم منداڵەکەم توندوتیژی دەنوێنێت بەرامبەر یارییەکانی بەشێوازێک دەیانشکێنێت و بڵاوەیان پێدەکات وەک ئەوەی کە لە ڤیدیۆکان بینویەتی. | | | | | |
| ٢١ | هەست دەکەم دوای تەماشاکردنی یوتیوب لەگەڵمان بێ ڕێز دەبێت و گوێ ڕایەڵ نییە. | | | | | |
| ٢٢ | منداڵەکەم دەیەوێت وەک پاڵەوانەکان تۆڵە بکاتەوە. | | | | | |
| ٢٣ | هەست دەکەم فێری لاسایی کردنەوەی هەندێک هەڵسوکەوتی توندوتیژی بوە کە لەسەرو تەمەنی خۆیەوەیەتی. | | | | | |
| ٢٤ | منداڵەکەم لەڤیدیۆکانەوە فێری هەندێک هەڕەشە بوە وەک (خۆم دەکوژم، یان بە مناڵ و کەسانی دیکە دەڵێت دەتکوژم. | | | | | |